# ئەفسانەو مۆسیقا

گفتوگۆیەک لەگەڵ
**کلود لویی شتراوس**

**وەرگێڕانی لە فارسیەوە**
**سەلاح حەسەن پاڵەوان**

**پرسیار: ووتوتانە ئەفسانەو موسیقا هەردووکیان لە زمانەوە سەریانهەڵداوە، بەڵام کاملبونیان لە چەند ئاراستەیەکی جیاوازەوەیە. ئایا مەبەستان لەمە چیە.؟ چ پەیوەندیەک ئەبینن لە نێوان مۆسیقاو ئەفسانەدا ؟**

**لوی شتراوس: پەیوەندی نێوان مۆسیقاو ئەفسانە بابەتێکە لە بەشی یەکەمی کتێبی** پوختەو ناپوختە **هەروەها دوایین بەشی کتێبی** مرۆڤی رووت **دا زۆر پێم لەسەر داگرتووە، هەر هەمان مەسەلەش بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێ تێگەیشتنی هەڵە ، بە تایبەت لای ئینگلیز زمانەکان، بۆچی ئەم بۆچوونە هاتە کایەوە ، ئەمەیان شتێکە هەروا لەخۆیەوە دروست بوو. بە پێچەوانەوە لێکدانەوەم بۆ ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە بوو، نەک تەنیا لە نێوان ئەفسانەو مۆسیقا دا یەک پەیوەندی هەیە بەڵکو دوو پەیوەندی جیاواز هەن: یەکێکیان پەیوەندی هاوسێیەتی (Contiguity ) و ئەوی تریان پەیوەندی هاوشێوەییە ( Similarity) ، هەروەها ئەوەشم بۆ ئاشکرا بوو ئەم دوو پەیوەندیە لە بناغەدا یەکن، بەڵام لەسەرەتای کارمدا لەم شتە بێئاگا بووم ، لەسەرەتاشدا بەرەو لای پەیوەندی هاوشێوەیی ئەمشکانەوە. ئەمەش هەمان ئەو مەسەلەیە هەوڵ ئەدەم لە خوارەوە روونی بکەمەوە.**
**مەبەستم لە لایەنی هاوشێوەیی ئەمەبوو: ناکرێ تێگەیشتنمان بۆ ئەفسانەیەک بەتەواوی وەک پارتیتۆرێکی[1] (Score) مۆسیقی بێت ، واتە وەک رشتەیەکی پەیوەستداری تێبگەین. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە گەر هاتوو ئەفسانەمان وەک چیرۆکێ یاخوود ووتاری نێو رۆژنامەیەک خوێندەوە، واتە لە چەپەوە بۆ راست و دێڕ بەدێڕ ، ئەو کاتە هیچی لێ حاڵی نابین، لەبەرئەوەی ئەفسانە ئەبێت لە هەموو لایەکەوە بخوێنرێتەوە. مانای بونیادی ئەفسانە لە زنجیرەی یەکبەدوایەکی رووداوەکاندا خۆی حەشارنەداوە، بەڵکو لە کۆی گشتی هەموو رووداوەکان جێگای تێگەیشتنە، تەنانەت گەر هاتوو ئەم رووداوانەش لە نێو بەسەرهاتی چیرۆکەکەدا لە کاتی جیاوازدا دەرکەون. بەم پێودانگە ئەفسانە کەم تا زۆر ئەبێ وەک پارتیتۆرێکی مۆسیقی بخوێنرێتەوە: نەک خوێندنەوەی پارچە پارچە بەڵکو ئەبێت هەر هەمووی پێکەوە بناسرێت و بزانرێ ئەوەی لە دێڕی یەکەم دێ تەنیا لە کاتێکدا مانا ئەبەخشێت گەر هاتوو لەگەڵ ئەوانی تری سەر رووپەڕی لاپەڕەکە ببینرێ. بە واتایەکی تر نابێت ئەفسانە تەنیا لە چەپەوە بۆ راست بخوێنرێتەوە ، بەڵکو ئەبێ لەهەمان کاتدا لەسەرەو بۆ خوارەوەش بخوێنرێتەوە. هەر لاپەڕەیە بۆ خۆی هەمەلایەنیەکە. تەنیا کاتێ ئەتوانین بە تەواوی لە ئەفسانە بگەین و ماناکەیمان چنگکەوێت گەر هاتوو وەک پارتیتۆری ئۆرکسترایەک (پارچە نووسراوەکانی یەک بە دوای یەک) خوێندمانەوە.**

---

[1]-پارچەیەکی مۆسیقایە، بە تایبەت مۆسیقای فیلم یاخود شانۆگەری... وەرگێڕ

وەڵامی ئەوەی کە ئەم کارە بۆچی و چۆن ئەبێ، ئەوە ئەتوانرێ لە لایەنی دووەمدا بدۆزرێتەوە واتە لە لایەنی هاوسێیەتی.راستیەکەش ئەمەیە ، بە درێژایی سەردەمی ڕێنیسانس و سەدەی هەڤدەهەم ئەو کاتەی بیری ئەفسانەیی لە ئەندێشەی ڕۆژئاواییدا وەلاوەنرا ( ناڵێم لە ناوچوو یاخوو وون بوو) ، لە هەمان ئەو سەردەمدا یەکەمین بەری ڕۆمانەکان دەرئەکەوتن و جێگای ئەو چیرۆکانەیان ئەگرتەوە کە پشتیان بە نموونە ئەفسانەیەکان بەستبوو. تەواو هەر لەو کاتەشدا شایەدی بینینی دەرکەوتنی شێوازە بێوێنەکانی بواری مۆسیقاین کە تایبەتن بە سەدەکانی هەڤدە تا نۆزدەیەم.

وا دێتەبەرچاو کە مۆسیقا قاڵبی تەقلیدی خۆی بە تەواوی گۆڕی تا دەست بەسەر کارکردەکانا ( چ کارکردی عەقڵانی و یا کارکردی سۆزداری ) بگرێت ، واتە ئەوشتەی بیری ئەفسانەیش تارادەیەک لە هەمان سەردەمدا ڕەهای کردبوو. ئەو مۆسیقایەی بووە میراتگری کارکردە تەقلیدیەکانی ئەفسانە ، مۆسیقای ڕۆژئاواییە لەگەڵ *فرسکۆباڵدی* سەرەتای سەدەی 17 و *باخ* لە سەدەی هەژدەهەمدا پەیدابوو، لەگەڵ *موتسارت و بتهۆڤن و واگنەر* لە کۆتاییەکانی سەدەی 18 و 19 گەیشتە ترۆپکی خۆی.
بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە چوارپەردەی *ڤاگنەر* بە ناونیشانی (( *بازنە* ))،وەک نموونەیەکی مەوزوعی و دیار بە نموونە ئەهێنمەوە. یەکێک لە گرنگترین دەروونمایەکانی مۆسیقی ئەم چوار پەردەیە بریتیە لە ناوەڕۆکەکەی کە ئەویش ئینکارکردنی عەشقە. هەروەک ئەزانیت هەمان ئەم ناوەڕۆکە بۆ یەکەمین جار لە بەشی **Rhinegold** دەرئەکەوێت: کاتێک کە کچانی تەڕوتازەی ڕووباری *ڕاین* مۆڵەت بە *ئالبریش* ئەدەن دەست بەسەر زێڕەکەدا بگرێت بەڵام بەو مەرجەی دەست لە تەواوی عیشقە مرۆییەکان هەڵگرێت. *ئالبریش* ئەم مەرجە قبووڵ ئەکاو ئینکاری عەشق ئەکات.

بابەتی ( ئینکارکردنی عەشق ) جارێکی تر بۆ دووەمین جار لە بەشی *والکری* سەرهەڵئەداتەوە ، ئەمجارەیان تێگەیشتنی بابەتەکە گەلێک ئاڵۆزە. لەو کاتەی کە *زیگمۆند* بۆی ئاشکرا بووە *زیگلنید* خوشکێتی و عاشقی ئەبێت و لەو کاتەی ئەم دووانە ئەیانەوێ پەیوەندی زیناکردن لەگەڵ مەحرەماندا دەست پێ بکەن، دووبارە بابەتی ئینکارکردنی عەشق سەرهەڵئەداتەوە، ئەم سەرهەڵدانەش بەهۆی شمشێرێکەوە کە لە دەروونی درەختێکادایە و *زیگموند*یش ئەیەوێ دەست بەسەر ئەو شمشێرەدا بگرێت. ئەم مەسەلەیە تۆزێک سیمبولئامێز دێتە پێش چاو، لەبەرئەوەی *سیگمۆند* لەو کاتەدا بە هیچ شێوەیەک عەشق ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، بۆ یەکەمین جارلەگەڵ عەشقا ئاشنابوەو گرفتاریشی ئەبێت.

هەر لە هەمان بەشدا بۆ جاری سێیەم مەسەلەی عەشق سەرهەڵ ئەداتەوە؛ لەدواین پەردەدا کاتێک کە *ووتان* _ پاشای خواکان _ حوکمی درێژترین و پڕترین و سیحرئامێزترین خەون بەسەر *برونهیلدی* کچیدا ئەسەپێنێ، هەروەها لە نێو بازنەیەکی ئاگریندا ئابلۆقەی ئەدا. بەمجۆرە ئەتوانین بڵێین (*ووتان* )یش ئینکاری عەشق ئەکات، لەبەر ئەوەی دەستی لە عەشقی کچەکەی خۆی هەڵگرووە. ئەڵبەتە ئەم بۆچوونە ئەوەندە جێگای بڕوا نیە.

تێبینی ئەکەی لێرەدا ڕووبەڕووی هەمان ئەو گرفتانە ئەبینەوە کە لە ئەفسانەدا مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەین؛ ناوەڕۆکێک بەدرێژایی بەسەرهاتەکە ( لێرەدا ناوەڕۆکێکی مۆسیقی جێی ناوەڕۆکێکی ئەفسانەیی گرتۆتەوە) ئامادەیە ، لە سێ کاتی جیاوازدا دەرئەکەوێت: جارێک لە سەرەتاو ، جارێک لە نێوەندو ،جارێکیش لە کۆتاییدا ( ئێمەش بۆ زیاتر سنووردارکردنی باسەکە تەنیا باس لە دوو ئۆپێرای یەکەمی ( *بازنە* ) ئەکەین ). ئەوەی ئەمەوێ نیشانی بدەم ئەوەیە کە تێگەیشتن لە دەرکەوتنی بەردەوام و چەندجارە و سیمبولئامێزی ناوەڕۆکێک ، ئەوەیە کە ئەمانە هەرچەند زۆر جۆراوجۆر دێنەبەرچاو ، وەک زنجیرێکن ئەو حەڵقانەی بەدووی یەکدا هاتوون بەدووی یەکدا کۆیانکەینەوە بۆ ئەوەی ببینین ئایا ناکرێ لەگەڵ هەموویاندا وەک تاکە ڕووداوێک مامەڵە بکرێت.

وەک ئەزانین لە هەریەک لەم سێ جێگایانە گەنجینەیەک هەیە ئەبێ لە دەروونی شتێکی دیکەدا بهێنرێتە دەرەوە یاخوود هەڵکەنرێت . زێڕ لە قوڵایی ڕووباری *ڕاین* دایە، شمشێر لە دەروونی دەرەختێکی نیشانەدا یە( نیشانەی ژیان یاخود نیشانەی جیهان ) ، *برونهیلد* لە ناوەراستی بازنەیەکی ئاگرینە ئەبێ لێ ی بهێنرێتە دەرێ. دووبارەبوونەوەی ناوەڕۆکی

ئەم روانینە پێمان ئەڵێ ئەم سیانە هەرسێکیان واتە *زێڕو شمشێرو برونهیلد* یەک شتن: زێڕ شێوازێکە بۆ دەستکەوتنی هێز ، شمشێر شێوازێکە بۆ بەدەستهێنانی عەشق . لە راستیدا ئەم یەکپارچەییەی نێوان زێڕو شمشێرو ژن ( *برونهیلد* ) باشترین وەڵامە بۆ ئەم پرسیارە، بۆچی لە کۆتایی بەشی دەرکەوتنی خواکان دووبارە زێڕ لە رێگای برونهیلد ەوە بۆ رووباری *راین* ئەبردرێتەوە: ئەو دووانە یەک شت بوون لە دوو گۆشەی جیاوازەوە ئەبینران.

باقی داستانەکەش ئاشکراو روونە. بۆ نموونە *ئالبریش* لە هەمان کاتدا کە چاوی لە عەشق پۆشیبوو ، بەڵام پاشان بە سوودوەرگرتن لە زێڕ لە فریودانی ژنێکدا سەرئەکەوێ، ئەو ژنەش کوڕێکی بۆ دێنێتە دنیاوە : *هاگین سیگمۆند*یش لە کۆتاییدا بووە بە خاوەنی شمشێرلە هەمان کاتدا کوڕێکی بە نسیب ئەبێ، کوڕەش هەر ئەو کەسەیە کە ئەبێتە *زیگفرید*. دەرکەوتنی بەردەوامی ناوەڕۆک خاڵێک ئاشکرا ئەکات ئەو خاڵەی هەرگیز لە شیعرەکانی ئۆپێرادا روون ناکرێنەوە و ئەو خاڵەش بوونی خزمایەتی و لێکچواندنە لە نێوان *هاگینی* خائین و *زیگفریدی* قارەمان. ئەم دوو کەسایەتیە لە زۆر روەوە لە یەکتری ئەچن. هەر ئەم خاڵە ئەوەش روون ئەکاتەوە کە چۆن توانای ئەوە هەیە *زیگفرید* و *هاگین* ( یان چاکتر وایە بڵێیم لە باری یەکەم *زیگفرید* بە ناونیشانی خۆی و پاشان بە دەمامکی *هاگینە*وە ) لە ساتە جیاوازەکانی چیرۆکەکەدا برونهیلد بەدەست بێنن.

رەنگە ئەم نموونانە بەس بن بۆ دەرخستنی لەیەکچوونی شێوەی شیکردنەوەی ئەفسانەیی لەگەڵ درککردنی مۆسیقی. کاتێک گوێ لە مۆسیقا ئەگرین لە راستیدا گوێ لە شتێک ئەگرێن لە سەرەتاوە دەست پێ ئەکات بەرەو کۆتایی جوڵە ئەکات و بەدرێژایی کاتەکەش گەشە ئەکات. سیمفۆنیایەک خاوەنی سەرەتایەکە و ناوەراست و کۆتاییشی هەیە، بەڵام بەم پێیە گەر نەمانتوانی ئەوەی گوێمان لێبووە لەگەڵ ئەوەی پێشوو دوایدا پێکەوەیان گرێدەین یان نەمانتوانی لەهەموو لایەکی سیمفۆنیاکە ئاگاداربین ئەوە مانای وایە ئێمە هیچ شتێک لەو سیمفۆنیایە تێناگەین و هیچ چێژێکی لێ نابینین. بۆ نموونە با بڕوانینە دانراوە مۆسیقیەکانی *ئیقاع و واریاسیۆن* : تەنیا کاتێ ئەتوانی درکی پێ بکەیت گەر بۆ هەر واریاسیۆنێ ئیقاعێکی پەیوەستدارتان لە زەیندا بێت. هەر *واریاسیۆن* خاوەنی حاڵەت و هەوەسی تایبەت بەخۆیەتی، ئەگەر توانیت بێ ئاگایانە بیخەیتە سەر *ئیقاعێکی ناپەیوەستدار* کە پێشتر گوێت لێ بووە.

بەمجۆرە دووبارە سازکردنەوەیەکی بەردەوام لە زەینی گوێگری مۆسیقاو و گوێگری رووداوی ئەفسانەییدا شێوەئەگرێ. ئەمەش تەنیا لەیەکچوونێکی جیهانی نیە . بە تەواویش وا پێ دەچێت مۆسیقا تەنیا بە داهێنانی شێوەکانی تایبەتی مۆسیقی ئەو بوونیادانە دووبارە بدۆزیوەتەوە کە پێشتر لە ئەفسانەدا بوونیان هەبووە.

بۆ نموونە جێگای سەرنج راکێشە گەر بزانین فوگ ، بەو شێوەیەی کە لە سەردەمی باخ دا باوبوو، دووبارە نیشاندانی کارکردی هەندێ لە ئەفسانە تایبەتیەکانە. ئەم ئەفسانە تایبەتیانە خاوەنی دوو تایبەتمەند یاخوود دوو دەستە تایبەتمەندین، بۆ نموونە تایبەتمەندیەکی چاک ئەوی تر خراپ. رووداوی نێو ئەفسانەیەک گێڕانەوەی گروپێک لە تایبەتمەندیەکانە ، هەوڵ ئەدەن لە دەستی گروپەکەی تر هەڵبێن. کەواتە ئەوەی ئەیبینین تاقیبکردنی گروپێکە لەلایەن گروپێکی ترەوە ، هەندێ جار گروپی **A** پەیوەندی بە گروپی **B** وە ئەکاو هەندێ جاریش گروپی **B** هەڵدێ. بە تەواوی وەکو ئەوشتەی ئێمە لە فۆگ دا ئەیبنین یاخوود ئەوەی لە زمانی فەرەنسی پێ ی ئەڵێین ( بابەت و پەرچدانەوە) *** Le sujet et al réponse*** ئەم جیاواز ی و دژایەتیە لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا بوونی هەیە تا ئەو رادەی هەردوو گروپەکە تووشی گێژی و سەرگەردانی ئەبن ( هەروەک ئیسیترتا لە فوگدا ) .رێگا چارەی کۆتایی یاخود پونتی ترۆپکی ئەم دژایەتیانە لە پێکهاتەی ئەو دوو بناغەیەدایە کە بە درێژایی چیرۆکەکە بەرامبەر بە یەکتری قووت بوونەتەوە. ئەکرێ ئەم دژایەتیە لە نێوان هێزەکانی سەرەوەو خوارەوە ، ئاسمان و زەوی ، رۆژو هێزەکانی سەر زەوی بێت. بونیادی ئەو رێگاچارەیەی کە ئەفسانە بۆ ئەم پێکهاتەیە ئەیخاتەڕوو زۆر لە ئامێری ئۆکۆردێون ئەچێ. کە پارچە مۆسیقاکەی حەل و فەسڵ کردووەو ئەیگەیەنێتە کۆتایی ، لەبەر ئەوەی دوو کۆتایی بۆ هەمیشەیی و یەکجاری بەیەکتری ئەگەیەنێت. هەر بەم شێوەیە ئەکرێ ئەوە نیشان بدرێت کە ئەفسانەکان یاخوود گروپێک لە ئەفسانەکان هەن رێکوپێک لە سوناتێک ، یان

سیمفۆنیایە، *روندویەک* ،یاخود  توکاتایەک[2] یاخود هەر شێوەیەکی تری مۆسیقایی ئەچن.لە راستیدا ئەم شێوە بەدەستهاتووانە خودی مۆسیقا نین بەڵکو ناهۆشمەندانە لە بونیادی ئەفسانەوە وەرگیراون.

یادەوەریەکی کورتم هەیە ئەمەوێ بۆتانی بگێڕمەوە. کاتێک خەریکی نووسینی کتێبی (پوختە و ناپوختە ) بووم بڕیارمدا بە هەریەک  لە بەشەکانی کتێبەکەم تایبەتمەندیەکی مۆسیقی ببەخشم و ناونیشانی هەریەکەیان ناونیشانی سونات[3] یان راندۆی[4] یاخوود لەم شێوە ناوانەیان بۆ دانێم. لە کاتی کارکردندا مامەڵەم لەگەڵ ئەفسانەیەک ئەکرد ، بە چاکی لە بونیادەکەی ئەگەیشتم بەڵام نەمئەتوانی شێوەیەکی مۆسیقی بۆ بدۆزمەوە تا لەگەڵ بونیادی ئەم ئەفسانەیەدا بگونجێت. بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای ئاوازدانەری هاوڕێم *رینیە لیبوویتز* و گرفتەکەم بۆ باسکرد ، هەروەها بونیادی ئەو ئەفسانەیەم بۆ باسکرد  کە مەبەستم بوو: دوو بەسەرهاتی تەواو جیاواز  بە بێ بوونی هیچ پەیوەندیەکی دیاروئاشکرا، ووردە ووردە تێکەڵی یەکتری ئەبوون، لە کۆتاییدا تەنیا یەک دەرونمایەیان دروست ئەکرد. پارچە مۆسیقایەک بەم شێوە بونیادە ئەبێ ناوی چی بێت؟ هاوڕێ ی ئاهەنگسازم کەمێ تێفکری و ووتی لە تەواوی مێژووی مۆسیقادا ئاشناییم بە پارچە مۆسیقای لەم شێوە بونیادە نەبووە .  ئەم جۆرە بونیادە ناویشی نیە. ئاشکرا و روون بوو ئەگەری بوونی ئەم شێوە پارچە مۆسیقایەو بەم شێوە بونیادە هەبوو. پاش هەفتەیەک لە هاوڕێ ئاهەنگسازەکەم پارچە *پارتیتۆرێکم* پێگەیشت کە  خۆی داینابوو ، بونیادی ئەو مۆسیقایە هەر لە هەمان ئەو ئەفسانەیەوە سەرچاوەی گرتبوو.

بەراوردکردنی مۆسیقا لەگەڵ زماندا تا بڵێ ی کارێکی ڕێوونکەرە گەرچی ئەم دووانە زۆر لە یەکتریەوە نزیکن بەڵام زۆر شتیشیان هەیە زۆر لە یەکتریەوە دوورن. بۆ نموونە زماننسە هاوچەرخەکان ووتویانە یەکەی بنەڕەتی لە زماندا ووتنە ( یان قسە یان نوتق... وەرگێڕ) . ووتن دەنگێکە ئێمە (بە سەهوو) بە سوود وەرگرتن لە پیتەکان نیشانی ئەدەین. ووتنەکان خۆیان لە خۆیاندا مانایان نیە بەڵام بۆ لێک جیاکردنەوەی ماناکان پێکەوەبەستراون. لەرووی پراکتیکەوە ئەکرێ هەمان بۆچوون بۆ نۆتای مۆسیقاش راست بێت. نۆتەیەک  ( A.B.C.D هتد ) هەر خۆیان بە تەنیا هیچ مانایەک نابەخشن و تەنیا بریتین لە نۆتایەک. مۆسیقا تەنیا بە پێکەوە گرێدانی نۆتەکان دروست ئەبێت . بەمجۆرە ئەتوانین بڵێین هەروەک چۆن ووتن بە یەکەی بنەڕەتی زمان ئەژمێردرێ ، لە مۆسیقاشدا ئەوەی بە  زمانی فەرەنسیم  پێی ئەڵێم  Soneme ( بەرامبەرەکەی لە ئینگلیزی  رەنگە toneme بێت ) بە رەگەزێکی بنەڕەتی ئەژمێردرێ. کەواتە لەیەکچوونێک لە نێوان مۆسیقاو زماندا هەیە.

بەڵام لە قۆناخی دواییدا یان لە روویەکی تردا بۆمان ئاشکرا ئەبێت کە پێکەوەبەستنی ووتنەکان ، واژەکان دێنێتە ئاراوە هەروەها لە پێکەوەبەستنی واژەکانیش رستە دروست ئەبێت. بەڵام لە مۆسیقادا واژەکان بونیان نیە و لە پێکەوەبەستنی رەگەزەکان پایەی ,[نۆتەکان ] رستەیەک] لە جێگای واژە ] دروست ئەبێت : واتە دەستەواژەیەکی میلۆدیک. بەمجۆرە لە زماندا سێ رووی زۆر دیاریکراو هەن [ پێکەوەگرێدانی ووتنەکان واژە دروست ئەکات، هەروەها پێکەوەبەستنی واژەکان رستە دروست ئەکات ] لە حاڵەتێکدا گەر لە دیدێکی لۆجیکیەوە لە مۆسیقادا نۆتامان هاوبەرامبەری ووتنی زمان دانا ، ئەو کاتە تێئەگەین کە روویەک بۆ واژەکان لە مۆسیقادا بوونی نیە و ئەکرێ یەکسەرە لە نۆتاوە بۆ رستە بڕۆین.

ئێستا ئەتوانین ئەفسانە هەم لەگەڵ مۆسیقاو هەم لەگەڵ زماندا بەراوردبکەین, بەڵام لەم میانەدا جیاوازیەک هەیە: لە ئەفسانەدا ووتن بوونی نیە و بچوکترین رەگەزیش واژەیە. کەواتە ئەگەر تەماشای زمان بکەین وەکو .سەرە نموونەیەک ، ئەم سەرە نموونەیە لە 1) ووتنەکان 2) واژەکان 3) رستەکان پێکهاتووە. لە مۆسیقادا  هاوبەرامبەر بۆ ووتن و رستەکان هەیە بەڵام بۆ واژەکان هیچ بەرامبەرێک لەبەردەستدا نیە. لە کاتێکدا لە ئەفسانە هاوبەرامبەرێک بۆ واژەکان و هاوبەرامبەرێک بۆ رستەکان هەن ، بەڵام هاوبەرامبەرێک بۆ ووتنەکان نیە. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا روویەکی

---

[2] - سیمفرنیاو روندو توکات یەکەی مۆسیقین

[3] - زاراوەی مۆسیقین

[4] – زاراوەی مۆسیقین

کێشانەکە لاسەنگە. گەر بمانەوێ لەمەڕ پەیوەندی نێوان زمان و ئەفسانەو مۆسیقا ئاشناییەک پەیدابکەین ئەبێ زمان بە پونتی دەستپێکردن دانێین و ، هەرلەم ڕێڕەوەشەوە تێئەگەین کە مۆسیقاو ئەفسانە هەردووکیان لە زمانەوە سەرچاوەیان گرتووە بەڵام لەچەند ڕێڕەوێکی جیاوازو پارچەپارچەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە: لە حاڵێکدا کە مۆسیقا جەخت لەسەر لایەنی دەنگی زمان ئەکات ، بەڵام ئەفسانە مەودای هەستی و مانایی زمان لەبەرچاو ئەگرێت.

فردیناند دوسیۆسۆر ئەوەی نیشاندا کە زمان لە رەگەزە لێکنەپچڕاوەکان پێکهاتووە کە لەلایەک دەنگ هەیەو لەلاکەی دیکەشەوە مانا. هەر لەهەمان سەردەمدا هاوڕێم رۆمان یاکۆبسن کتێبێکی بچووکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی *دەنگ و مانا* ( **le Son et le sens** ) ، ئەم زاتە ئەو دووانەی واتە *دەنگ و مانای* وەک دوو شتی جیانەکراوە لە زمان لەقەڵەم دابوو. هەر دەنگێک مانایەکی هەیە و هیچ مانایەک بەبێ ئەو دەنگەی کە رایئەگەیەنێ ناتوانێ بوونی هەبێت. لە مۆسیقادا رەگەزی زاڵ دەنگە و لە ئەفسانەدا رەگەزی زاڵ مانایە.

لە منداڵی حەزم ئەکرد ببم بە ئاوازدانەر یا هیچ نەبێت ببم بە رەهبەری ئۆرکسترا. لە لاوێتیمدا هەوڵێکی بێ وچانمدا بۆ رێکخستنی مۆسیقای ئۆپێرایەک کە ئۆپێرانامەکەو نەخشەکێشانی پەردەکانیشی کاری خۆم بوون. بەڵام ئەنجامەکەی سەری نەگرت چون ئەوەی پێویستم پێ بوو لە مێشکما ئامادەنەبوو. پێم وایە تەنیا مۆسیقاو ماتماتیک ئەکرێ بە کارێکی خودی لە قەڵەم بدرێت ، مرۆڤیش بۆ بە ئەنجامدانی هەریەک لەم دووانە ئەبێ خاوەنی تایبەتمەندیەکی جینی[5] بێت. لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم کاتێک پەنام بۆ نیۆروک بردبوو جارێکیان چاوم بە ئاوازدانەری گەورەی فەرەنسی **داریوس میل هو** کەوت, لێم پرسی : (( چ کاتێک درکت بەوە کرد ئەبی بە مۆسیقازان ؟ لە وەڵامدا ووتی : لە تەمەنی منداڵیمدا گوێم لە جۆرە مۆسیقایەک ئەگرت ، ئەو تەرزە مۆسیقایە هیچ پەیوەندی بەو مۆسیقایانەوە نەبوو کە ئاشنایان ببووم، لە پاشاندا بۆم دەرکەوت ئەوانە لە دانانی خۆمن.

کاتێک زانیم کە مۆسیقاو ئەفسانە هەروەک دوو خوشکن و لە زمانەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەر یەکەشیان بەلایەکدا رۆیشتووە ( هەروەک کەسایەتیەکانی نێو ئەفسانە یەکێکیان بەرەو باکوورو ئەوی تریان بەرەو باشوور ئەڕۆن و هەرگیزو بە هیچ شێوەیەک ناگەن بەیەک) ئەو کاتە ئەم بیرەم بە مێشکدا هات گەر من توانای رێکخستنی دەنگەکانم نەبێت ، هیچ نەبێت توانام ئەبێت ماناکان رێکخەم.

هەرچەندە پێشتر ئەم خاڵەم خستووەتە روو بەڵام ئەمەوێ جارێکی تر جەختی لەسەر بکەم کە لەیەکچوونی ( نێوان مۆسیقاو ئەفسانە ) بە پێ ی بۆچوونی من و تا ئەو سنوورەی کە ئەزانم تەنیا لە مۆسیقای رۆژئاواییدا ( بەو شێوەی کە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوودا گۆڕانی بەسەرداهاتووە ) راستە . بەمجۆرە ، هەر ئێستاش شایەدی رووداوێکین کە لە دیدگایەکی لۆجیکیەوە هاوشێوەیە لەگەڵ لەناوچوونی ئەفسانە وەک تێزێکی ئەدەبی و جێگۆڕکێپێکردنی لەگەڵ رۆماندا. ئێمە شایەدی لەناوچوونی خوودی رۆمانین . ئەم توانایەش بە تەواوی ئەگەری هەیە کە ئەوەی لە سەدەی **18** روویدا واتە کاتێک کە مۆسیقا کۆنترۆڵی بوونیادو کارکردی ئەفسانەی کرد ، جارێکی تر رووبداتەوە ئەویش بەوشێوەی کە رۆمان ئەو تێزە ئەدەبیەی لەسەر گۆڕەپانی ئەدەبیات خەریکی لەناوچوونە جارێکی تر کۆنترۆڵ بکرێتەوە لە رێگای ئەو شتەی کە پێ ی ئەوترێ زنجیرە مۆسیقا ( **Serial music**).

---

سەرچاوە:

اسطوره و معنا، کلود لوی شتراوس ، ترجمه شهرام خسروی، چاپ أول **1376**،نشر مرکز

---

[5]- جین واتە یەکەی بۆماوەیی لە بوونی مرۆڤدا .. وەرگێڕ